# ئەوەتا حەمەسەعید حەسەن گاڵتە بە یاسا و دادگاش دەکات

شێروان خۆشناو–هەولێر

٢٠٠٤/٣/١٥

زۆر نەنگە مرۆڤ بگاتە ئەو رادەیە لە بۆ غرایی و لووتبەرزی گاڵتە بە یاسا و دادگا و موقەدەساتی میللەتەکەی بکات، ئەوەتا حەمەسەعید حەسەن لە دوورەوە گاڵتە بە یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ئەمەندە تەنگە نەفەسە، ئەمەندە کچکە و کەمە ، توانای نی‌یە بۆ ساتێکیش بێت رێز لە یاسا بگرێت و بە دوو ووشەی رێك وەلآمی بداتەوە بەڵکو هەروەکو پی‌ی ناسراوە ، هەڵدەچێت و ناشارستانیانە وەلآمی یاسا دەداتەوە وا دەزانێت شاری بێ حاکمە هەرکەسە بە حەزی خۆی جنێو و تۆمەتی نارەوا بۆ خەڵك ریزبکات و خەڵکیش بلێت دەستەکانت خۆش.

دەسا ئەی برادەر و هاوەڵەکانی حەمەسەعید حەسەن

پێتان وایە ئەو مامۆستایەتان بوختان بکات و راستی بشێوێنێت ، خەڵکیش سەری بۆ دابنەوێنن و بە ئیرادەی زوڵم و گیانی شەڕانگێزی ئەو رازین؛ ئایا شکاندنی کەرامەتی خەڵك و جنێوپێدان شتێکە سنگ فراوانی و لێبوردنی گەرەك بێت ، پێشێلکردنی مافی کەسێتی و ناوبانگ زڕاندن رەخنەیە... یان نارەواییە ؟! ئایا دوای ئەوەی حەمەسەعید حەسەن هەموو سنورەکانی رێز و پیروزی و بەزاند و گاڵتەی بە یاسا و دادگای حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و((حکومەتی هەرێمێك کە بە خوێنی هەزاران شەهید هاتۆتە دی و لەم سەری دونیا تاکو ئەو سەری ، لە تورك و عەرەب و فارس بێ پەروا دژی دەجەنگێن))خیانەت و خۆفرۆشی نی‌یە.؟

برایانی دۆست و قوتابی کاك حەمەسەعید دەسا ئێوەش کە ئەوەندە گەرمن لە پۆزش، هێنانەوە بۆ گێرەشێوێن بە وردی بیرێك لە و رێبازە توند و پۆخەڵە بکەنەوە کە حەمەسەعید پەیڕەوی دەکات و ئیتر با هەموومان پێکەوە بلێین با بەس بێت گاڵتەجاڕی بە خوێن و فرمێسکی شەهیدان ، با حەمەسەعیدیش بڕەك رۆشنایی بخاتە ئەشکەوتە تاریکەکەی ژیانی نووسینیەوە و گوڵێك بچێنێت و ئەگەر بۆ جارێکیش بێت جنێو و قسەی ناشرین لە گۆڕنێت.